# مەرجەکانی کورد و پۆستی سەرەک کۆمار ....

خالید مەجید فەرەج

لەبەر ئەوەی کوردەکان بەشێکی کاریگەرو چارەنووس ساز بوون لە ئەگەری سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی ئەم هەڵبژاردنەی دوایی عێراق و دەرکەوتنیان لەسەر یاریگای سیاسی ئێستاو داهاتوی عێراق وەکو یاریزانێکی ئەساسی و لێزان و پێویست بوونیان بۆ هاوسەنگ کردنی هاوکێشەی هێزەکان بەتایبەتی لیبرال و دیموکرات خوازەکان کە دەتوانین ناویان لێبنێین هێزە عەلمانیەکان ئەوانەی باوەریان بە دروست کردنەوەی دەوڵەتی عێراقە لەسەر بنچینەی جیاکردنەوەی دەوڵەت لە ئایین و بەرێوەبردنی ئەو وولاتە پشت بەو یاسایانەی کە لەگەڵ جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێو دەوڵەتیەکانی تردا کە پەیوەندیان بە مافە مەدەنی و ئینسانیەکانەوە هەیە دەگونجێن . بێگوومان کوردیش بەحوکمی ئەوەی لەپێکهاتە قەومی و مەزهەبیەکانی تری ناو عێراق زیاتر ئامادەیی هەبووە بۆ نوێ خوازی و دوورکەوتنەوە لە بیرو باوەری کۆنە پەرستی بۆیە لەو هاوکێشەیەدا خۆی لەتای ئەو هێزانەدا دە بینێتەوە کە هاوبیرن لەگەڵیدا و ئەو هێزانەش پێویستیەکی زۆریان بە ژمارە کوردیەکە هەیە بۆ داپۆشنی ئەو کورت هێنانەی کە لە ئاکامی بە موقەدەس کردنی لیستی یەکگرتووی شیعە بە موبارەک بایی مەرجەع و (ئیمامی مەعسوم ) ئایەتوڵڵا سیستانی لەنیوە زیاتری کورسەکانی پارلەمانیان بۆ خۆیان بردوەو و دیاریشە ئەمانە باوەریان وایە کە دەبێ دەوڵەت ئاینی بێ وشەریعەتی ئیسلام تاکە سەرچاوەی یاسادانان بێت و دواتر کێشانی باڵی قودسیەت بەسەر هەریاسایەک یان هەر بڕیارێک دا کەدەری بکەن و نەیارانیشی بە مورتەد و بەرهەڵستکاری فەرمای خودا و نوێنەرانی کە حکومەتی ئیسلامیە مەحکوم بکەن . ئەوەی بەڵگە نەویستە ئەوەیە کە ئەمەریکا بۆ ئەوە هەزاران کیلومەتری نەبڕیووە تاوەکو حوکمێکی ناسیونالیستی دواکەوتوو لابەرێ و وولاتەکە لەسەر سینەیەکی ئاڵتوونی تەسلیمی نەیارە ئیسلامیەکانی بکا هەروەها ئەو کارە لە خزمەتی ئەوگۆرانکاریانەشدا نیە کە بەرێوەیە بۆ ناوچەکە  بۆ ئەوەی خۆشی واپیشان نەدا کە راستەو خۆ بەرگە لە ئاکامی پرۆسەیەکی دیموکراسی لە عێراق ئەگرێ لە کاتێکدا کە خۆی بانگەشەی بۆ کردووە و مەبەستیشێتی سەرکەوێ بۆیە ناکرێ وەکوهێزێکی رزگار کەر رێز لە و ئاکامانە نەگرێ کە دیارە شیعە زۆربایەتی تیا هێناوە. بۆ ئەمەریکا کە خوازیاری ئەوە نیە حکومەتێکی ئیسلامی لە کۆپی ئێران لەعێراق ببینێ تەنها لیستی کوردەکان هەیە کە دەتوانێ بەشێوەیەکی دیموکراسیانە رێگە لەوپرۆژەیە بگرێ بێئەوەی پێویست بکا خۆی راستەوخۆ دەست لە پرۆسە سیاسیەکەی عیراق وەربدا .چی دەربارەی ئەمەریکا دەوترێت هەمان شتیش لەسەر هەموو ئەو هێزانەی تری ناو عیراق دەوترێ کە دەکرێ بەنەیاری پرۆژەی بەئیسلامکردنی دەوڵەت لەقەڵەمیان بدەین . هەر پشت بەم راستیانەیە نوێنەرایەتەی سیاسی کوردی توانیویەتی لەسەر زەمینەیەکی پتەوەوە بلێ ئێمە وەرگرتنی پۆستی سەرەک کۆماری ئامانجی کۆتاییمان نیە بەتایبەتی کە ئەو پۆستە وەیان ئەوە مەنسەبە شەرەفیە و کاریگەریەکی ئەو تۆی لەسەر بەرێوەبردنی دەوڵەت نابێ کە بەپێی یاسا ئەوە بۆ سەرەک وەزیران دانراوە و چەند مەرجێکی بەرایی دابنێن بۆ قبوڵکردنی کەتیادا بەراشکاوی پێ لە فیدرالی و دابەش کردنی عادیلاتەی داهاتی عیراق و مانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و رێگە نەدان بە هاتنی سوپای عەرەب بۆ ناو کوردستان و دیاری کردنی سنووری ئیقلیمی کوردستان لەلایەن کورد خۆیەوە دادەگرن . خۆزگە سەرکردایەتی سیاسی کورد  هەر لەگەڵ ئەو مەرجانەدا ئاڵای رەگەز پەرستیی عێراقیشیان رەت دەکردەوە کە هیچ هێمایەکی بۆ کورد تیانیە و لە ژێر سێبەرەکەیا ئەنفال و کیما باران وجینوسایدی گەلی کورد کراوە و رۆژی مەراسیمی وەگرتنی ئەو پۆستە ش ئەگەر رێککەوتن لەسەر ئەوەی بۆ کوردبێ بەرێز مام جەلال بە پۆشاکی کوردیەوە لەمیدیاکانی جیهانیەوە دەرکەوێ بۆ تەئکید کردن لەسەر ئەوەی کە عێراق بە تەنها هی عەرەب نیە چوونکە غازی الیاوەر  بەلەبەر کردنی پۆشاکی کلتوریی عەرەبی بەدرێژایی بەرێوە بردنی  پۆستکەی مەبەستێکی سیاسی هەبوو بوو ئەویش دڵتەئمین کردنەوەی عەرەبەکانی ناوەوەو دەرەوەی عێراق بوو کە لە خەمی ئەوەدا بوون  بەرووخاندنی رێژێمی حوکمی بەعس عێراق لە چوار چێوە عەرەبیەکەی دێتە دەرەوەو ئەو بەو شێوە دەرکەوتنەی ئەو پەیامەی دانێ کە دەڵێ : بێ خەم بن عێراق هەر عەرەبیە!